ئاین ئامۆژگارییە

لە ئەبی روقەیە تەمیم کوڕی ئەوسی داریيەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموویت: « ئاین ئامۆژگارییە»، (تەمیم) دەڵێت: ووتمان: بۆ کێ؟ (واتا ئاین ئامۆژگارییە بۆ کێ؟)، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بۆ خودا، وبۆ کتێبەکەی، وبۆ پێغەمبەرەکەی، وبۆ پێشەوای مسوڵمانان وتێکڕای مسوڵمانان».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئاین لەسەر ئخڵاس ودڵسۆزی وڕاستگۆیی دامەزراوە، بۆئەوەی بەندە ئەوەی واجبە لەسەری جێبەجێی بکات بەتەواوی، وبەبێ فێڵ وکەموکورتی. بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووترا: ئامۆژگاری دەبێت بۆ کێ بێت؟ فەرمووی: یەکەم: ئامۆژگاری بۆ خودای گەورە -سبحانه وتعالى- : بە دڵسۆزبوون لە کردەوەدا بۆ ئەو زاتە مەزنە، وهاوبەش بڕیار نەدان بۆی لە هیچ کردەوە وپەرستنێکدا، وباوەڕمان بە تاکبوونی خودا هەبێت لە پەروەدگارێتی وخودایەتی -پەرستراوێتی- وناو وسیفەتەکانی، و بەمەزندانانی فەرمانەکانی، وبانگەوازی کردن بۆ باوەڕهێنان پێی. دووەم: ئامۆژگاری بۆ کتێبەکەی واتا قورئانی پیرۆز: باوەڕمان وابێت قسەی خودایە، وکۆتا کتێبی ئاسمانیە، وهەڵوەشێنەرەوەی هەموو شەریعەتەکانی پێشووە، و بەمەزنی دابنێین، وبیخوێنینەوە بەو شێوەی هاتووە، وکردەوە بکەین بەوەی ڕوونە تێیدا، وملکەچ بین لەوەیاندا کە ڕوون نیە، وبەرگری لێبکەین کاتێک گومڕاکان بەئارەزووی خۆیان لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن، وپەند لە ئامۆژگارییەکانی وەربگرین، وزانستەکانی بڵاو بکەینەوە، وبانگەوازی بۆ لا بکەین. سێیەم: ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەرەکەی (موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-): بەوەی باوەڕمان وابێت کە کۆتا پێغەمبەرە، وباوەڕمان هەبێت بەوەی پێی هاتووە، وفەرمانەکانی جێبەجێ بکەین، وخۆمان بەدوور بگرین لەوەی نەهی لێکردووە، وبەو شێوەیە خودا بپەرستین کە ئەو پێی هاتووە، ومافەکانی بەگەورە دابنێین، وڕێزی لێبگرین، وشەریعەت وبانگەوازیەکەی بڵاو بکەینەوە، وبەرگری لێبکەین لەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵی. چوارەم: ئامۆژگاری بۆ فەرمانڕەوای مسوڵمانان: بەیارمەتیدانیان لەسەر هەق وڕاستی، وململانێ نەکردنیان لەسەر دەسەڵات، وگوێڕایەڵیکردنیان لەشتێک کە سەرپێچی فەرمانی الله نەبێت. پێنجەم: ئامۆژگاری بۆ مسوڵمانان: بەچاکەکار بوون بەرامبەریان، ودوورخستنەوەی زیان لێیان، وخۆشویستنی خێر بۆیان، وبانگەواز کردنیان بۆ پابەندبوون بە ڕێبازی ڕاست ویارمەتیدانیان لەسەر چاکەکاری وتەقواداری.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66516